# ١٨ + ٨١ = ٩٩

شەونم زەندی

لە سێبەری ترووسکە ونەکانەوە
دەوارێک بۆ ڕۆحە سپییەکان
لە بەدەنگبوونی «چەپکە وشەیێ»
«چڵە خەمێک» بۆ مانگ لە تەنیایی
لە فەنابوونی ڕەنگەکانەوە
سووڕانەوەی وەرزەکان
هەگبەی ساتە خاڵییەکان لە ئاسوودەیی
هەنگاوی تەمەنێ لە ناهیوایی
هەناسەی وشەکانی خەمە شیعرێ
چەندان ترووسکە لە «خەون و خۆزگە» بەخۆ دەگرێ
لە «کۆنووسی ئێستەکان»
هێندەی هەناسەیەک بۆ ئاهێکی سەرد؛
هێندەی چاوێک بۆ نیگایەکی پڕ ڕوانین،
نغرۆ بوونێکن لەنێو جوغزی نائاگایی
لەنێو ئەم هەموو فەنابوون و نغرۆبوونانەدا
پێم وایە
لەو سەری دنیاوە هاتووم
تا لە درزە بچووکەکانی شووشە شکاوەکانەوە
ئەو پەڕی دنیا بەدی بکەم
تنۆکە ئەشکە کریستاڵییەکان
لە پرژەی چاوی ئاسمان
لەسەر ژمارەکانی «هەشتاویەک و هەژدە»ی
هێڵەکانی لەپی هەردوو دەستم هەژمار دەکەم
کۆکراوەیەکن لە «نەوەدونۆ» ناوە ئەزەلییەکانی خوا
لە سێبەری شەونوێژێکا
نەوەدو نۆ «تریفە گزنگ»
لە «زیوینی مانگ و
ورشەی چاوی خۆر»
دنیایەکن ناکۆ لە جوانی جوانییەکان
نەوەدو نۆ «چەپکە تیشک»ی هیلالی و
«گورزە نیگای» ئاسۆی
پەخشی عەشق و پەخشی میهرن دادەڕژێنە نێو ڕۆحەکان.

